# پەنجەکان یەکتریان شکاند

## ئەم نووسینە راپۆرتێکی شیکارییە بەرهەمی چەند کاتژمێرێك دانیشتن و گفتوگۆیە لەگەڵ بەرپرسانی کۆمپانیای وشە و ئەو حیزبە سیاسیانەی کە ناویان هاتووە

راپۆرتی هێمن باقر
فۆتۆ : هێمن - هەردی




یەکێك لە بیناکانی کۆمپانیای وشە

● دوای 31 ساڵ ململانێی ئاشکراو نهێنیی نێو باڵەکانی یەکێتیی، دواجار پەنجەکان یەکترییان شکاند، سیناریۆکان کۆنو دووبارەن، ئەوەی کە بەتەنها تازەیە ئەو دەزگا راگەیاندنەیە کە پێیدەوترێت "کۆمپانیای وشە".

هەرچەندە تائێستا لێدوانی رەسمی بەرپرسانی ئەو دەزگایە دوور لە هەڵچوونو توندوتیژین، بەڵام بەپێی گفتوگۆی نارەسمی رەمزەکانی ناو ئەم کۆمپانیایە پێناچێت لە قۆناغی بانگەوازی نهێنییدا بیهێڵێتەوە.

لە راستیدا کەس ناتوانێت تەنها وەکو کۆمپانیایەکی راگەیاندن سەیری ئەم دامەزراوەیە بکات، بەڵکو زیاتر وەکو گروپێکی سیاسیی دێتە بەرچاو کە دەیانەوێت لە رێگای راگەیاندنەوە سیاسەت بکەن.

هەندێك لە بەرپرسانی ئەو دەزگایە ئەوە ناشارنەوە کە جیابوونەوەی ئەوان جیابوونەوەیەکی فیکریی سیاسییە. بەتایبەتی کاتێك لە هەرەمی ئەم کۆمپانیایەدا جگە لە نەوشیروان مستەفا کەساتییەکانی وەك قادری حاجی عەلی، سالار عەزیز، حەمە توفیق رەحیم، بابەکر درەییو روشدی عەزیز دەبینرێن. ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە لە جەوهەریدا پرۆژەی باڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی ناو یەکێتییە. دوای ئەوەی شکستیانهێنا لەوەی کۆنترۆڵی بڕیاری سیاسییو ئیداریی حزبەکە بکەن لە شێوەی دیکەدا خۆیان رێکدەخەنەوە، هەرچەند ئەم باڵەو سەرکردایەتییەکەی ئەمجارە لەسەر شێوازێکی نوێ یاریدەکەن کە رەنگە شێوازێکی سەرنجڕاکێشو کاریگەربێت.

لە کاتێکدا ئەم باڵە بڵندگۆی راستەقینەی خۆی جیادەکاتەوەو لەوێوە وتاری خۆی ئاراستەی جەماوەر دەکات، لە هەمانکاتیشدا قورساییەکی گەورەی لەناو حکومەتی هەرێمو یەکێتییشدا بەجێهێشتووە، سادەترین هەڵە ئەوەیە پێمانوابێت کە نەوشیروان مستەفا دەستبەرداری هاوڕێکانی بووە، لەوەش سادەتر ئەوەیە هەستبکەین هاوڕێکان

دەستبەرداری سەرکردە رەمزییەکەی خۆیان بوون، بەتایبەتی بۆ گروپێك کە باکگراوندی فیکریی چەپیان هەیە، کە یەکێك لە گەورەترین کاریگەرییەکان لەسەر مرۆڤ رەنگە عەقڵیەتی ئۆرگانیزەکردنو رێکخستن بێت. ئێستا ئەوە بەڕوونی دەبینرێت کە پەیوەندیی نێوان نەوشیروان مستەفاو هاوڕێکانی لە حزبو حکومەت توندوتۆڵو چڕوپڕترە. بەم پێیە ئەم گروپە گەورەترین گروپی سیاسییە کە لەناو حکومەتو حزبو تەنانەت پێشمەرگەشدا خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام ئایا هێزەکان رێگەی ئەوە دەدەن ئەم سیناریۆیە هەروا بەسانایی بچێتە پێشەوە، بەتایبەتی کە نەوشیروان لەناو یەکێتییشدا کۆمەڵێك جەمسەر لەدژی کاردەکەن، لەوانە؛ مەکتەبی رێکخستنو راگەیاندنو رێکخراوە دیموکراتییەکانو بەشێك لە سەرکردە سەربازییەکانی نزیکی مام جەلال، لە بەرامبەردا یەکێتی بە کوتلەی تاڵەبانیو کۆسرەت رەسوڵ-ەوە خەریکی خۆڕێکخستنەوەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەن کە بەجێهێشتنی نەوشیروان مستەفاو هاوڕێکانی دروستیانکردووە.

لەبەرامبەریشەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە باڵی کۆمەڵە لەپاڵ پرۆژە ئیعلامییەکەیاندا خەریکی دروستکردنەوەی رێکخستنی نهێنیین. ئەم ئەرکەش بۆ ئەو باڵە کارێکی قورس نییە، لەبەرئەوەی وەك دەوترێت لە ماوەی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ یەکێتییدا ئەم باڵە رێکخستنی سەربەخۆی خۆی پاراستووە. بەڵگەش ئەو زنجیرە هەڕەمییە بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی رابردوودا هەر ئەندامێکی سادەی دەبەستەوە بە کۆتایی زنجیرەی هەڕەمەکەوە، لە رێگەی چەند ئەڵقەیەکی دیکەوە.

هەر لە ئێستاوە پارتی نیگەرانی دایگرتووە بەرامبەر ئەم پرۆژەیەی نەوشیروان، ئەوەش بەحوکمی ئەو پێشینە مێژووییەی کە ئەو حزبە لەگەڵ کەسێکی وەك نەوشیروان دا هەیانبووە، کە توندترین بۆچوونی هەبووە بەرامبەریان لە کاتی شەڕو تەنانەت لە دانوستانەکانیشدا رەمزی سازشنەکردن بووە بەرامبەریان. لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم گروپە سیاسییە لەبەرئەوەی راستەوخۆ بەشدارنییە لە دەسەڵاتدا، دەستکراوەیە کە رەخنە توندەکانی ئاراستەی حزبو حکومەتیش بکات.

ئەمەش لەلایەکەوە دەبێتە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا کە توانای کۆکردنەوەی جەماوەری نارازی هەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئامادەش دەبێت لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەهەموو قورساییەکی خۆیەوە بەشداری دەسەڵات بکات.

بەم پێیەش نەوشیروان لە هەڵبژاردنی شێوازی جیابوونەوەکەیدا هەنگاوێکی عاقڵانەی هەڵبژارد، لەلایەکەوە تاڵەبانی ناچارکرد بە پشتگیری ماددیو مەعنەویی دەزگا ئیعلامییەکەی و لەلایەکی دیکەشەوە باڵەکەی لەناو حکومەتو حزبەکەشیدا لەدەستنەدا، ئەگەر لەم سیناریۆیەدا نەوشیروان سەرکەوتووبێت ئەوا زیرەکانەترین کارە کە بتوانێت لەسەر پاشماوەکانی جەستەیەکی پیر لە رووی فیکرییو سیاسییەوە حزبێکی نوێو ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە دروستبکات.

بەرپرسانی ئەم پرۆژەیە ئەگەری ئەوە رەتناکەنەوە کە لە داهاتوودا ببنە هێزێکی سیاسیی، بەتایبەتی ئەگەر لەوەدا سەرکەوتووبن کە شەقامی کوردی بەلای خۆیاندا رابکێشن.

ئێستاشی لەگەڵدابێت رای گشتی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەوە کۆکە کە ئەم جیابوونەوەیە بە گەمەیەکی دیکەی یەکێتیی دادەنێت بۆ هەڵمژینی نارەزایی جەماوەرو کۆکردنەوەی ئەو جەماوەرەی کە بەهۆی دروستبوونی جیاوازی نێوان خەڵكو دەسەلاتەوە لە حزبەکان بێزاربوونو دووركەوتوونەوە.

پێدەچێت پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو لایەك زیاتر چاودێری ئەم جموجوڵە نوێیەی نەوشیروان مستەفا بکات، بەتایبەتی کاتێك رایانگەیاند کە ئەوان هێڵی سووریان نییە، هەر لەبەرئەوەشە رەنگە پارتی وەڵامی توندی هەبێت بەرامبەر هەر لێدانێکیان لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی کۆمپانیای وشەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت لەم سەرەتایەوە کۆمپانیای وشە نەرمی بنوێنێت لە مامەڵەکردنی بەرامبەر بابەتە هەستیارەکانو لەم رووەشەوە پاشەکشە بە هەڵوێستەکانیان دەبینرێت، بۆ نموونە؛ ناوی سایتەکەیان لە (زەرگەتە) کە بەمانانی (پێوەدان) دێت گۆڕی بۆ ناوێکی دی، هەورەها بەرپرسانی دەزگاکە باس لەوە دەکەن کە ئەوان باس لە گەندەڵی ناکەن وەکو حاڵەتو کەسەکان، بەڵکو وەکو سیستەمو بەشێوەیەکی گشتی باسیدەکەن. ئەمەش رەنگە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە ئەم کۆمپانیایە بیەوێت لەم سەرەتایەوە داوا لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بکات بارەگایەك بۆ دەزگا راگەیاندنەکەیان دابینبکات لە هەولێر.

لەلایەنی پارتیشەوە هەروەکو چۆن ئامادەباشی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم دەزگایە کراوە، لە هەمانکاتیشدا خۆیان بۆ ئەوە ئامادەکردووە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییو هاوکاری لەنێوان ئەوانو ئەم کۆمپانیایە دروستبێت، بەتایبەتی خودی بنەماڵەی بارزانی کە خۆیان زیاتر وەکو دامەزراوەیەك وەسفدەکەن کە توانای قبوڵکردنی دەیان دەزگای جیاوازیان هەیە.

لەوانەشە سیناریۆکە هەڵبگەڕێتەوەو پارتیو یەکێتی پێکەوە تەوافوق بکەن لەسەر نەمانی ئەم دەزگایە، بەتایبەتی کاتێك ئاراستەی رەخنەگرتن تیایدا بەجۆرێك بێت کە پارتی تەنگەتاوبکات. ئەوکاتە



ڕەنگە بارزانی داوای ڕێکەوتنێکی جێنتڵمانانە لە تاڵەبانی بکات بۆ کۆتاییهێنان بەو سەرئێشەیە.

بەپێی شیکردنەوەی پارتی قورسایی ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر شاری سلێمانیو دەوروبەری دەبێت بەو پێیەی ڕەمزەکانی ئەو دەزگایە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی سلێمانینو قورسایی ئەو باڵەش هەر لەوێیە. بەم پێیەش ڕەنگە پارتی حەزبکات لە بەرامبەر دووورکەوتنەوەو جیابوونەوەی یەکجارییان لە یەکێتیی هاوکارییان بکات، چونکە هاتنەدەرەوەی ڕاستەقینەی ئەم باڵە کەوتنی باڵێکی کاریگەری ناو یەکێتییە، بەڵام بۆ دەزگایەک کە نزیکایەتی فیکرییو سیاسیی لە یەکێتییەوە هەیەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت دارایی دەزگاکەو مووچەی کارمەندەکانیان لەلایەن خودی یەکێتیی نیشتیمانییەوە دەدرێت، پێناچێت پشتهەڵکردنو ڕووکردنە حزبێکی دیکە هەروا کارێکی ئاسانبێت، بەتایبەتی کە تاڵەبانی ئەزموونێکی دوورودرێژی هەیە لە ئیدارەکردنی جیاوازییەکاندا، ڕەنگە پلانی تاڵەبانی ئەوە بێت کە یەکێتیی بە کەمترین زیان لە جیابوونەوەی باڵی نەوشیروان دەربچێت، بەوەی کە پشتگیریی ماددییان بکات وەکو هێزێك لە دەرەوەی یەکێتیی کاری خۆیان بکەن، بەڵام لە کاتی پێویستدا نزیکبن لە یەکێتییەوە.

بەرپرسانی دەزگاکە ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێتیی ناچارە ئیدارەی ماددیی دەزگاکەیان بکات، ئەگەرنا ئەوە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت کە دەزگاکە بکەوێتە دەستی لایەنێکی تر.

بەنیسبەت یەکگرتووی ئیسلامییەوە کە خۆی بەهێزی سێیەمو ئۆپۆزسیۆنی گەورەی کوردستان دەزانێت لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری ئەم دەزگا نوێیە دەکات، لەوانە؛ جیاکردنەوەی مینبەری ئیعلامی لەلایەن باڵو ڕەمزە جیاوازەکانی ناو یەکێتییەوە کە بەرامبەر هەریەکەیان هەڵوێستی جیاو تێڕوانینی جیاوازیی هەیە.

پێدەچێت یەکگرتووی ئیسلامیی گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە دروستکردنی ئەم کۆمپانیایە لەلایەن نەوشیروانەوە هەر بەتەنها جیاکردنەوەی مینبەر نییە، بەڵکو جیابوونەوەیەکی قووڵترو توندوتیژترە.

یەکگرتووی ئیسلامیی پێیخۆشە کە لە دەرەوەی پارتیو یەکێتیی کەناڵێکی دیکەی بەهێز دروستبێت کە قسەبکاتو ڕەخنەبگرێت، بەو پێیەی کە بواری قسەکردنو ڕەخنەگرتنی ئەویش فراوانتردەبێت، یان لانیکەم هەڵوێستەکانی وەکو هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن دەناسرێن نەك وەکو دەستو جووڵاندنی دەرەکی، لەم ڕووەشەوە پێویستی بە هاوکارێك هەیە بەم ئاراستەیە کاربکات. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت یەکگرتووی ئیسلامیی ئەوە لەبەرچاونەگرێت کە ڕەنگە دەرکەوتنی ئەم باڵە نوێیە لە قازانجی ئەو نەبێت وەکو هێزێك کە خۆی بە ئۆپۆزسیۆنو هێزی سێیەم دەزانێت لە کۆمەڵگاداو پێدەچێت بەزوویی جێگای ئەو بگرێتەوە، ئەگەر یەکگرتوو لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای بمێنێتەوە کە قاچێکی لەناو دەسەڵاتەو قاچەکەی دیکەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە.

هەرچۆنێك بێت بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی خاڵی لێکنزیکبوونەوەی زیاترە لە خاڵە جیاوازەکانی لەگەڵ ئەم گرووپەداو لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەری هاوکاریی لەنێوانیاندا زیاترە تاوەکو دژایەتی، بەڵام نابێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین هەم یەکگرتوو لە باکگراوندی چەپی ئەم باڵە حەزەری هەیەو هەم ئەوانیش ڕەنگە حەز بە بەهێزبوونی ڕەوتی ئیسلامیی نەکەن، ئەمەش ئەوە یەکلاییدەکاتەوە کە ئایا مامەڵەی ئەم دوو هێزە لەگەڵ یەکتر مامەڵەیەکی سیاسیی دەبێت یان فیکریی.

لەسەر ئاستی چەپەکانی کوردستانیش خوێندنەوەی تایبەتی دەکرێت بۆ ئەم دەزگایە، بەشێوەیەکی گشتی ئەوان خۆشحاڵن کە لەم فەوزا سیاسییەی کوردستاندا هێزێکی کاریگەری چەپ دروستبێت، بەتایبەتی بەبڕوای ئەوان لە حزبەکانی کوردستاندا بنەمای فیکریی نەماوە، هەر ئەمەشە کە خۆشحاڵی لای چەپەکانی کوردستان بەوانەشەوە کە لەناو حزبەکانی دیکەن دروستکردووە، بەڵام پێناچێت ئەمە بەمانای ئەوە بێت کە هەموو چەپەکان بەرەو ئەوە بڕۆن لە دەوری ئەم هێزە کۆببنەوە، چونکە بەدرێژایی مێژووی چەپ لە کوردستاندا هیچ کاتێك هەموویان لەژێر چەتری یەك حزبدا کۆنەبوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە باڵی نەوشیروان مستەفا وەکو باڵێکی چەپ ناسراوە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو باوەڕی بە فیکری چەپ نەبووە. ئەوانەی لە نەوشیروان مستەفاوە نزیکن باس لەوە دەکەن کە بەکارهێنانی فیکری چەپ لەلایەن نەوشیروانەوە وەکو هۆکارێك بووە بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر، بەو پێیەی فیکرێکە توانای کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هەیە لە دەوری خۆی.

سەرەڕای ئەوەش بەدرێژایی مێژووی یەکێتیی، نەوشیروان مستەفا چەقۆیەکی تیژ بووە لەسەر ملی چەپەکانی دەرەوەی یەکێتییو لەم ڕووەشەوە زەبری کوشندەی پێگەیاندوون.

ئێستا نەوشیروان لە سەرەتای ڕێگایەکدایەو هەموو هەوڵی خۆیو هاوڕێکانی چڕکردووەتەوە بۆ سەرپێخستنی دەزگا ئیعلامییەکەی کە پێکدێت لە سایتێکی ئینتەرنێتو ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو تەلەفزیۆن.

ڕۆژنامەوانەکان کە ژمارەیان 45 کەس دەبوو لە هۆڵێکی ئەو بینایەدا کە دەکەوێتە سەر گردەکەی زەرگەتە خەریکی ڕاهێنانی بەردەوامن.

قادری حاجی عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییو دامەزرێنەری دەزگای زانیاری کە پێنج ساڵ پێش ئێستا وازی لە یەکێتیی هێنا، ئێستا بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکەیەو حەمە تۆفیق ڕەحیم بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەو ڕوشدی عەزیزی وەزیری پێشووی دادو ڕاوێژکاری یاساییو محەمەد عارف کە بە پۆستی وەزیر خانەنشین کراوە، بەڕێوەبەری ئیداریی دەزگاکەیە.

لە بینای دووەمی دەزگاکەش کە دەکەوێتە پشت مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەوە لە بەختیاری. بابەکر دەرەیی بەرپرسی بەشی دامەزراندنو پەیوەندییەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی ڕۆژنامەوانە نوێیەکانە، لە سەروو هەمووشیانەوە نەوشیروان مستەفا وەکو سەرپەرشتیارو خاوەنی کۆمپانیاکە دەبینرێت، بەڵام هێشتا ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لە هەیکەلی ئیداریی ئەم کۆمپانیایەدا دیار نییە.

جگە لەو ناوانە، لەنێو ڕەمزە دیارەکانی کۆمپانیاکەدا سالار عەزیز کە لەدوای شەهید ئارام سکرتێری یەکەمی کۆمەڵی ڕەنجدەران بووە، دەبینرێت. هەرچەندە تا ئێستا لەنێو هەیکەلی ئیداریی دەزگاکەدا پۆستێکی دیاری نییە.

بەرپرسانی دەزگاکە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەپێش مانگی ئازاردا سایتە نوێیەکەیان دەکەوێتە کار، بۆ ڕۆژنامەکەشیان سەرەڕای ئەوەی کە سەردار عەبدوڵڵا بەشێوەیەکی ڕەسمی دەستنیشانکراوە، بەڵام پێدەچێت هەتا هێنانی چاپخانەیەکی نوێ دەرنەچێت.

ئێستا دەزگاکە چاوەڕێی خاڵی سەرەتای دەستپێکردن، بەڵام لە دوودڵییو ڕاڕایی گەورەدانو لەوە دەترسن کە خاڵی دەستپێکیان لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی جەماوەردا نەبێت.